سەرکی کەمار و راوژکاری ئاسایشی نەتەوەیی تاوتوێی چەند دوسیەیەک دەکەن



ئەمڕۆ یەک شەممە ،سەرۆك کەمار لەگەڵ راوژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و ژمارەیەک لە لێپرسراوان پێشهاتکانی ئەمدواییەی ناوچەکە تاووتوێ دەکات.

سەرکایەتی کەمار لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند :-"لەتیف جەمال رەشید" سەرۆك کەمار لە کۆشکی سەلام لە بەغداد پێشوازی کرد لە" قاسم ئەعرەجی" راوژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و ژمارەیەك لە لێپرسراوان لە راوژکارەتی ئاسایشی نەتەوەیی.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە لە میانی دیدارەکەدا،باس لە بارودۆخی ئەمنی وەات کرا و گرنگی پاراستنی سەقامگیری و دەستبەرکردنی ئاسایشی هاووەاتیان و پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی لە بواری بەرەنگاربونەوەی تیرۆر و بەدواداچوونی پاشماوەکانی و سەرچاوەکانی دارایی بەدیهاتون، دوپاتکرایەوە.

هەر بەپێی بەیاننامەکە باس لە ڕەوشی راگیراوان و دەستبەسەرکراوانی ناو گرتوخانەکان و پێویستی بەردەوامبوون لە ئازادکردنی ئەو کەسانە کرا، کە ماوەی سزاکانیان تەواوبوە.

هەر لە کۆبونەوەکەدا بارودۆخی ئاوارەکان و ئەو پلانانە تاووتوێکران، کە بەمەبەستی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانیان و داخستنی هەموو کەمپەکان، داڕژراون.

بەیاننامەکەی سەرکایەتی کەمار ئاوێشی خاتێتروو :- کە ئامادەبوانی کەبونەوەکە ئاسایشی سنورەکان و پۆیستی هاوئاهەنگی و هاریکاری بنیاتنەریان لە بواری چێسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری لەگەڵ وەاتانی دراوسێ لەپێناو سودی گشتی و بەدیهێنانی بەرژەوەندی گەلان، تاووتوێ کرد،هەروەک باس لە پێشهاتەکانی ئەمدواییەی ناوچەکە و دەرئەنجامەکانی کرا و سەرۆك کەمار جەختی لە پێویستی کەمکردنەوەی گرژییەکان و فراوانەکردنی بازنەی ململانەکە کردەوە، دوپاتیشیکردەوە جەنگەکان چارەسەرنین بە گەلان و کێشەکانی نەوان وەاتان قوڵتر دەکەنەوە.

سەرۆك کەمار ئاماژەی کرد بە پێویستی راگرتنی دەستدرێژی بەسەر کەرتی غەززە و دەزینەوەی ڕێگاچارەی ریشەیی بە دەزی فەڵەستین لەسەی پێدانی سەرجەم مافە ڕەواکان بە گەلەکەی، کە دەبێتە خاڵکی بنەڕەتی بە سەقامگیری ناوچەکە.

لای خۆیەوە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی باسکی سەبارەت بە دەخی ئەمنی و پلانەکانی پاراستنی سەقامگیریی وەات پێشکێشکرد و پێشنیارەکانی سەرۆك کەماری بەرزنرخاند بە پاراستنی دەستکەوتەکان و یەکخستنی هەوڵەکانی بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری.